# کۆچکردن -هیجرەت- ناوەستێت هەتاوەکو جەنگ کردن دژی کافرەکان بەردەوام بێت

له‌ عبدالله‌ كوڕی وه‌قدانی سه‌عدیه‌وه‌ ده‌ڵێت: له‌ شاندێكدا هاتم بۆ لای پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم- له‌ شاندێكدا هه‌موومان پێویستیه‌كمان هه‌بوو داوای بكه‌ین، من كۆتا كه‌س بووم كه‌ چوومه‌ ژووره‌وه‌ بۆ لای پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ووتم: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خودا، من خه‌ڵكیم له‌ پاش خۆمه‌وه‌ جێهێشت وبانگه‌شه‌ی ئه‌وه‌ ده‌كه‌ن كه‌ كۆچكردن -هیجره‌ت- وه‌ستاوه‌ -نه‌ماوه‌-، -صلى الله عليه وسلم- فه‌رمووی: «كۆچكردن -هیجره‌ت- ناوه‌ستێت هه‌تاوه‌كو جه‌نگ كردن دژی كافره‌كان به‌رده‌وام بێت».

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئه‌م هاوه‌ڵه‌ به‌ڕێزه‌ له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵێك له‌ قه‌ومه‌كه‌ی هاتن بۆئه‌وه‌ی داوای پێویستیه‌كانیان بكه‌ن، وئه‌و كۆتا كه‌س بوو كه‌ چووه‌ ژووره‌وه‌ بۆ لای پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم-، یه‌كێك له‌ پرسیاره‌كانی ئه‌وه‌ بوو: خه‌ڵكانێك له‌ پشتیه‌وه‌ ده‌ڵێن كۆچكردن -هیجره‌ت- وه‌ستاوه‌ -نه‌ماوه‌-، ئه‌ویش -صلى الله عليه وسلم- پێی فه‌رموو: كۆچكردن -هیجره‌ت- له‌ خاكی كوفره‌وه‌ بۆ خاكی ئیسلام ناوه‌ستێت وناپچڕێت هه‌تاوه‌كو جه‌نگ كردنی مسوڵمان دژی كافره‌كان به‌رده‌وام بێت، به‌ڵام كۆچكردن -هیجره‌ت- له‌ مه‌ككه‌وه‌ بۆ مه‌دینه‌ وه‌ستاوه‌ -نه‌ماوه‌-؛ به‌هۆی فه‌رمووده‌ی: (لا هجرة بعد الفتح) [متفق عليه] واته‌: (كۆچكردن نه‌ماوه‌ له‌ پاش فه‌تح -ڕزگاركردنی مه‌ككه‌-).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64601

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee